# ئەگەر پەشێو بمرێ!




21/08/2019

کاروان عوسمان شوانی

دەمێکە ترسی مردنی پەشێو چووەتە دڵمەوە، وەلێ مردن شەرمی لەکەس نییە، ڕەنگە من پێش وی بمرم. ترسی من لە مردنی پەشێو، ترسێکە لە کۆتایی هاتنی قۆناغێکی گرنگ و گەورەی ئەدەبی کوردیی.!

ئەدەبیاتی نوسراوی پەشێو، لە ١٩٦٥ ەوە دەستپێدەکات، دوو ساڵ دواتر یەکەم دیوان بە ناوی "فرمێسک و زام" بە چاپ دەگەیەنێت، ئیتر لە کاتەوە فارگۆنە  ئەدەبییەکەی بەردەوامە، نەوە لە دوای نەوە، خوێنەر و شەیدای شیعرەکانی دەبن.

پەشێو بۆ من دونیایەکی تایبەتی و زۆر جیاوازی ئەدەبییە، لەسەرەتای هەرزەکاریمەوە ئاشنای شیعری بڵندی بووم، لێرە و لەوێ، تا ئێستاش شیعرەکانی لەبەر خۆمەوە دەڵێمەوە و وەک دەقێکی پیرۆزی دەبینم. سەرەتای ئەوین و دڵداریم بە شیعری پەشێو گۆشکرا، پاشان لەگەڵ کامڵبونی عەقڵ و خوێندنەوەدا، زانیم ، پەشێو پیاوی بەرگریی کوردانە و پیاوی دژ بە براکوژی و پیاوی ئینساندۆستییە.

یەک لەو تایبەتمەندیانەی شیعری پەشێو، کات و شوێنی شیعرەکان یاداشت دەکات، ئەمە وا لە خوێنەر دەکات زۆرتر و باشتر لە کۆدەکانی شیعرەکە بگات، کاتێک تەواوی دیوانەکانی دەخوێنیتەوە ، لە پاڵ شیعر و ئەدەبەکەیدا هەست بەوەش دەکەی ڕۆمان یا ژیاننامەی کەسێک دەخوێنیتەوە، چونکە هێندە راستگۆیانە هەستەکانی دەروونی خۆی هۆنیوەتەوە، لە ڕووی زەمەنیشەوە بەشیوازێکی رێک شیعرەکانی لە دیوانەکاندا ریزکردوە رێک ژیاننامەکەیت بۆ دەردەچێت.

**لە ٢٠٠٤ ەوە، خوێنەری  عەبدوڵڵا پەشێوم، هەتا ئێستاش هەر دێڕێک لەسەر پەشێو بنووسرێت، دەیخوێنمەوە و لای خۆم یاداشتی ئەکەم، ئاخر ئەم هێندە بە قوڵی ئەدەبەکەی چووەتە دەروونمەوە، بەردەوام تینووی شتی نوێیم لەسەری بگوترێ.**

**بەردەوامیش سۆراخی شیعری نوێیم کردووە، ٢٠٠٦ کە تەواوی دیوانەکانی لە چاپدانەوە، تا ئەمساڵ دیوانی تازەی بڵاونەکردەوە، خۆشبەختانە کۆتایی مانگی ڕابردوو نوێترین دیوانی بە ناوی (سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.**

**ڕۆژانە چەندان کەس لە نێو کورددا دەمرن، بەڵام تەنها لەکەس و کار و نزیکەکانی خۆیان دەڕۆن، پەشێو لەو کەسانەیە ئەگەر بمرێت لە تەواوی کورد دەڕوات.**

**لە 2013 کە هەواڵی مەرگی شێرکۆ بڵاوکرایەوە، من بۆ مەرگی پەشێو ڕاچڵەکیم، تا ئێستاش ترسی ئەو ڕاچەڵەکینە لە دڵمدا ماوە و دەمێنێ. ئەو کات تێگەیشتم، شێرکۆیەکمان هەبوو، لە ڕوی فیزیکییەوە کۆتایی هات، بۆیە خەمی لە دەستدانی پەشێو لە ناوە و دەیخواردمەوە، ئەگەرچی هەردوکیان کارێکی وەهایان کردووە، تا کوردێک بمێنێ، ناو و ناوبانگی ئەمانیش دەمێنێ چونکە بایی ئەوەیان پێشکەشکردووە، کە بە نەمریی بمێننەوە. ئێستا کە پەشێو زیندووە و ناو بە ناو هەواڵی ناڕاست لەسەر مردنی بڵاودەبێتەوە، ئەو جۆرە هەواڵانە بێ مۆڕاڵیی ئەو میدیا و سۆسیال میدیایانە دەردەخات کە هەواڵی بێبنەما بڵاودەکەنەوە.**